# داتاشۆیەکی بچووک بۆ منداڵان

منداڵانیش حەز دەکەن پێ بنێنە ژیانی گەورەکانەوە، ئەوەی گەورەکان لە تەکنەلۆژیای نوێ بەکاری دێنن، ئەوانیش بەکاری بێنن. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە دیجیتاڵییە نوێیەکانیش وەڵامی خۆزیاکانی منداڵانیان داوەتەوە. بۆ نموونە ئەم پرۆژکتەرە (داتاشۆ) نوێیەکە کە بۆ منداڵان بەرهەم هاتووە و گشت ئەرکی داتاشۆیەکی گەورەکانیش ئەنجام دەدات.

داتاشۆی Wowoto Q1 ستایلێکی نوێی هەیە، سەرنج ڕاکێشە، بچووکە و بۆ هەموو شوێنێك هەڵدەگیردرێت، لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێت و بە هۆی وای - فایەوە لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل پەیوەند دەدرێت، دەکرێت ئەو یاری و ڤیدیۆیانەی لەسەر مۆبایل یان تەبلێت هەیە لەسەر ڕووبەرێکی گەورەتر بەهۆی ئەو داتاشۆیە سەیریان بکەی.



# ئامێرێکی نوێ بۆ نەخۆشی شەکرە



ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی شەکرە بوونە، دەبێ بەردەوام ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن و بزانن ڕێژەی شەکریان لە چ ئاستێکدایە، هەتا ئێستا ئەم ئامێرە کلاسیکە بەکاردێت کە دڵۆپێك خوێنی نەخۆشەکە لەسەر شریتێك دادەنرێ و لەسەر شاشەی ئامێرەکە ڕێژەی شەکرەکە دەزاندرێ، بەڵام خەریکە گۆڕانکارییەکی نوێ لە پێوانی ئاستی شەکرە دێتە دی و ئامێری نوێتر بەرهەم دێن.

ئامێری جۆری Abbott FreeStyle Libre کە وەك حەبێکی گەورە دەچێت لە جەستەی نەخۆشەکە



# کامێرای ١٦ لێنس بۆ مۆبایل

چەند ساڵێك لەمەوبەر کۆمپانیای light کامێرایەکی بەرهەم هێنا کە خاوەنی ١٦ چاو، (لینز)ە. و هەر بە کامێرای ١٦Lـش ناسراوە، هەر هەموویان پێکەوە یەك وێنە دەگرن کە کوالیتی وێنەکە ٥٣ میگاپیکسلە. ئەم کامێرایە تایبەتە بە کامێراوانی پیشەیی، هەربۆیە دەکرێت دوای وێنەگرتنیش دەستکاری فۆکوس و ڕووناکی وێنەکە بکرێت، خاڵێکی بەرچاوی کامێراکە ئەوەیە کە دەکرێت هەرکام لە لێنزەکان زوومی تایبەت بەخۆی هەبێت. بەهۆی سیستەمی وای- فای کامێراکە دەکرێت ڕاستەوخۆ وێنەکان بۆ کۆمپیوتەر بگوازرێنەوە. کامێرای ناوبراو دەتوانێت ڤیدیۆ بەکوالیتی K٤ بگرێت، هەروەها سوود لە سیستەمی ئەندرۆید وەردەگرێت. قەوارەی کامێراکە هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت. ئەمساڵ بڕیار وایە هەمان تەکنەلۆژیا بۆ مۆبایل بگوازرێتەوە و مۆبایلی ١٦ لێنسی بەرهەم بێت.




# ئەمنییەتی ماڵەوە بە کوندەپەپوو بسپێرە

ئامێرە دیجیتالییەکانی تایبەت بە ئەمنییەت و چاودێری و هەروەها کامێرە چاودێرییەکان، رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پاراستنی ئەمنییەتدا، ئێستا کە لەماڵ نەبی بە ئاسوودەیی دەتوانی گەشت بکەی، چونکە کامێرە چاودێرییەکان لە هەر مەترسییەك و هەر کێشەیەکی ئەمنی ئاگادارت دەکەنەوە، منداڵ و گیانلەبەرانی ماڵەوەت بەهۆی ئەوانەوە پارێزراوترن، دەتوانی لە دوورەوە سەیری ماڵەوە بکەی و ئەگەر منداڵەکان شتێکیان بۆ هاتە پێش یان ماڵیان شێواند و هاروهاجیان کرد، ئاگاداریان بکەیەوە. کامێرای چاودێری کوندەپەپۆش یەکێکە لەوانە.

کامێرای کوندە پەپوو کە بە (Ulo) ناسراوە ستایلەکەی وەك کوندەپەپوویەك دەچێت، لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆئێس دەگونجێت. کردارەکانی کوندەکە سەیرن بۆ نموونە کاتێك باترییەکەی کەم دەبێتەوە و شەحنی دادەبەزێت، هەست بەوە دەکەی ماندوویە و خەریکە بنووێت، کاتێك کە وێنە دەگرێت چاودادەگرێت، کاتێك کە لەسەر پەخشی راستەوخۆش بێت چاوەکانی کۆندەکە بەدوای مەبەستەکەدا دەسوڕێنەوە. هەر کردارێك لە ماڵەوە رووبدات لەخۆیدا تۆمار دەکات و بە ئیمێل بۆ بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکات. هەر سێ رۆژ جارێك دەبێ شەحن بکرێتەوە، دەکرێت هەمیشەش لە کارەبادابێت، کوندەپەپۆپەکە زانیارییەکان کە تۆماری دەکات بە شێوەی راستەوخۆ بۆ ئیمێل یان مۆبایل بەرێ دەکات.




دەدرێت و بەهۆی پەیوەندی ئامێرەکە و مۆبایل لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەزاندرێ کە نەخۆشەکە رێژەی شەکری چەندە لە خوێندا. بەکارهێنەر پێویست ناکات هەموو رۆژێ یان هەر ساتێك کە مەبەستی بێت خوێن لە پەنجەی بهێنێ، بەڵکو بەهۆی ئەو ئامێرە بچووکەوە هەتا هەفتە لەسەر شاشەی مۆبایلەکە رێژەی شەکری دەبیندرێ و بەهۆی پرۆگرامی سەر مۆبایلەکە لەکاتی مەترسییدارەکان ئاگادارت دەکاتەوە. ئامێرەکە لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆێس دەگوجێت.



# کیبۆردێکی نادیار بۆ تایپ کردن

تایپ کردن بە خێرایی و بە بێ سەیر کردن هونەرە، بۆ تایپ کردن دەبێ کیبۆرد هەبێ بەبێ کیبۆرد تایپ ناکرێت، بەڵام بۆ ئەوانەی خێرا تایپ دەکەن و سەیر ناکەن کیبۆردێك بەرهەم هاتووە کە بە AirType ناسراوە، ئەم کیبۆردە پێکهاتووە لە دوو ئامێری نیمچە بازنە، بەکارهێنەر ئامێرەکان وەك بازنە وەك کاتژمێر لە دەست دەخات، دوای ئەوە ئەگەر بەکارهێنەر لە زەینەیتی خۆیدا شوێنی پیتەکان پێ بزانێ، دەتوانێت بەپێی ئاماژە تایپ بکات.

ئەم کیبۆردە نادیاری ئاسانکارییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەری تایپی خێرا دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا کیبۆردێکیش لە گۆڕێدا نییە.

# مۆبایل و تین پیوی دیجیتالی






تین پیو ئەو ئامێرە بچووکەی کە تایبەتە بە زانینی ڕێژەی گەرمی لە بواری پزیشکیدا بۆ زانینی تای نەخۆش سوودی لێوەردەگیردرێت، پێشووتر ئامێرەکە پێکهاتبوو لە شووشەیەك کە لەناویدا جیوە هەبوو بەدانانی لە بن باڵ یان یان لە بن زمانی نەخۆش دەزاندرا کە نەخۆشەکە تای چەندە..

ئێستا لە سەردەمی دیجیتالیدا کە مۆبایل ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، تین پیوێکی دیجیتالی کە لە شوێن هیدفۆنی مۆبایل دەخرێ بەرهەم هاتووە، ئەم تین پیوە بە Croise.a ناسراوە، بەهۆیەوە نەك تای نەخۆش، بەڵکو هەر شتێك پەیوەست بە گەرما و تینەوە دەزاندرێ، وەك زانینی گەرمی شیر منداڵان، گەرمی چێشت و خۆراك، تای نەخۆش..تاد. تین پیوەکە پێویست ناکات لەمسی شتەکان بکات، بەڵکو هەر لێی نزیك کرایەوە دەستبەجێ تین پیوەکە ڕێژەکەی دیاری دەکات. جگە لەوەش لە مۆبایلدا ئەپێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهۆیەوە دەکرێ ڕاپۆرتێك لە تای نەخۆش وەك تۆمارێك لەخۆیدا خەزن بکات..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لە ناردنی ئیمێلدا جا چ لە یاهوو دابێ یان جیمێل، بۆکسێك هەیە نووسراوە cc و خوارتریش بۆکسێکی دیکە هەیە ناوی BCC ئەمانە چین و بۆ چ مەبەستێك سوودیان لێوەردەگیردرێت.

خوێنەری بەڕێز لە ڕاستیدا هەردوو بۆکسەکە چ CC و چ BCC بۆ یەك مەبەست بەکار دێن و سوودیان گەلێکە، بۆ نموونە تۆ لە دائیرەیەك کار دەکەی و دەبێت یەك ئیمێل بۆ زۆربەی کارمەندەکان بنێری، بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی CC ئەدرەسی گشت ئەو کارمەندانە دەنووسی کە نیازتە ئیمێلەکەیان بۆ بچێت، کارمەندەکە کاتێك ئیمێلەکە دەکاتەوە، دەزانێت ئەم ئیمێلە بۆ چەند کەسێکی دیکەش ناردراوە، بەڵام لە بۆکسی BCC ئەو کەسەی ئیمێلەکەی بۆ دەچێت، وا هەست دەکات تەنیا ئیمێلەکە بۆ ئەو بەڕێ کراوە و چونکە ئاماژەیەك بە کەسی دیکە ناکات.



# مودێمێکی وایەرلەیسی بچووک

خێرایی ئینتەرنێت هەر نەبەستراوەتەوە بە شوێنی سێرڤەری ئینتەرنێتەکە، ئامێرەکانیش ڕۆڵیان هەیە، مۆدێم کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێتی هەیە ڕۆڵی گەورە لە خێرایی و مەودای ئینتەرنێنت دەگێڕێت.

لەم ماوەیەدا وایەرلەیسێکی بچووك بەرهەم هاتووە کە بە خێرایی G4 ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە، خێراییەکەی ١٥٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە. ناوی ئامێرەکە JioFiیە. ئەم ئامێرە تەنانەت لەگەڵ ئەو مۆبایل و ئامێرانەش دەگونجێت کە کۆنن و تەنیا سیستەمی 3G تێدایە.

دەتوانێت لە یەك کاتدا ٣٢ ئامێر وەك لاپتۆپ،مۆبایل و تەبلێت و تی ڤی. پێوە پەیوەند بدرێ، ئەم ژمارەیە یەکجار زۆرە بۆ ئامێرێکی وایەرلەیسی وا بچووك. JioFi شەحن دەکرێتەوە و تا ٥ کاتژمێر گەر بەردەوام بەکار بێت شەحنی دانابەزێت، خۆی بچووکە و بۆ هەموو شوێنێك هەڵدەگیردرێت.

# کاتژمێرێکی سمارت بۆ نەخۆشانی ئۆتیسم

ئوتیسم نەخۆشییەکی درێژمەودا و پڕ لە دژواری و ناخۆشییە نەك تەنیا بۆ خودی نەخۆشەکە بەڵکو بۆ سەرپەرشتیارانی نەخۆشیش. ئەوانەی تووشی نەخۆشی ئوتیسمن نایانەوێ بە هیچ جۆرێك پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و نزیکانی خۆشیان دامەزرێنن، لە کۆمەڵگا رادەکەن و دوورەپەرێزن. پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ کاتژمێرێکی هۆشمەندیان تایبەت بەو کەسانەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوونە بەرهەم هێناوە، کاتژمێرەکە چەند هەستەوەری تێدایە کە زانیاری نەخۆشەکە بۆ ئەپێکی تایبەت بەڕێ دەکات، زانیارییەکان وەك ڕێژەی سترێس و نیگەرانی و لێدانی دڵ و ئارەقە کردن. سەرپەرشتیارانی نەخۆشەکە بەهۆیەوە ئاگادار دەبن کە دەبێ چاوەدێری ورد بکەن بەسەر نەخۆشەکەیاندا.



# قەڵەمێک بە هەموو ڕەنگێکی جیهان دەنووسێت!




پسپۆرانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ قەڵەمێکی هۆشمەندیان بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت لە خۆیدا ١٦ ملیۆن ڕەنگ تۆمار بکات و واتە بە هەموو ڕەنگێك کە لە جیهاندا هەیە بنووسێ و بکێشێتەوە.

قەڵەمە هۆشمەندەکە بە scribble ink ناسراوە، سەرنج ڕاکێشترین قەڵەمی هۆشمەندە تا ئێست بەرهەم هاتبێ. بۆ زانینی چۆنییەتی کارکردنی قەڵەمەکە ئەوەیە کە هەستەوەرێکی RGB شازدە بیتی لە قەڵەمەکەدا هەیە، لە کۆتایی قەڵەمەکەدا، ڕەنگی گەڵا، دار، خشت و کەرپوچ، هەر ڕەنگێك کە بەکارهێنەر سوودی لێوەربگرێ تێیدایە. هەر ڕەنگێك کە مەبەستت بێت سکانی دەکات و پاشان بەو چەند کاتریجەی ڕەنگ وەك (ڕەش، سپی، زەرد، بنەوەش...) کە تێیدایە ڕەنگی مەبەستی بەکارهێنەر دروست دەکات.


هەر ڕەنگێکیش کە دروستی کرد لە زەینە یەك گیگابایتەکەی خۆیدا خەزنی دەکات و لەکاتی پێویستدا دەتوانرێ سوودی لێوەربگیردرێ، لە یەك کاتدا دەکرێت سەد هەزار ڕەنگ لەخۆیدا خەزن بکات. ئەو کەسەی کاری نیگارکێشان و شێوەکاری دەکات پێویستی بە هیچ ڕەنگێك نییە و پێکاسۆیەك دەبێت بۆخۆی.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی واژۆی دیجیتالی

دروستکردن و دانانی واژۆ، لە جیهانی واقیعیدا ئاسانە، کەسێك بە هۆی ڕاهێنانێك هەوڵدەدا واژۆیەکی تایبەت بۆخۆی دابنێ. واژۆی هەرکەسێك پێناسە کەسەکەیە و لە یاساشدا دانانی واژۆ بە مانای ڕاستی و دروستی سەلماندنی خاوەن واژۆ دێت. بۆیە هەرکەسێك هەوڵدەدات واژۆکەی جۆرێك دروست بکات کە تەنیا خۆی بتوانێ دایبنێ..

لە جیهانی دیجیتالیشدا واژۆ هەیە، واژۆی دیجیتالی هەندێك دژوارترە، ماڵپەڕێکی زۆر هەن تەنیا تایبەتن بەدانانی واژۆی دیجیتالی یەکێك لەم ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی https://www. /mylivesignature.com ە. لەم ماڵپەڕەدا بە ئاسانترین شێوە ئیمزا بۆخۆت دادەنێی. هەنگاوی یەکەم ناوی خۆت یان ئەوەی مەبەستتە ببێتە واژۆت دەنووسی و فۆنتی مەبەستی خۆت دیاری دەکەی، لە هەنگاوی دووەمدا سایزەکەی دیاری دەکەی و هەنگاوی سێیەم لەبەریەك کێشانەوەی ئیمزاکە و دواتر وەك وێنەیەك دایدەبەزێنی و بۆ هەرمەبەستێك بتهەوێ ئەو ئیمزایە دادەنێی..




## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی کتێبی دیجیتالی

دنیای دیجیتالی چێژی کتێب خوێندنەوەی گۆڕی، لەراستیدا خەریکە جیهانی خوێندنەوەش بگۆڕێ، نەوەی ڕابردوو و ئەوانەی لە نیوەی تەمەن دان، حەز بە خوێندنەوەی دیجیتالی ناکەن و هەر حەز دەکەن کتێبی سەر کاغەز بخوێننەوە، بەڵام ئەم ڕەوتە دەچێتە پێش و ناگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت نەوەی داهاتوو فێری خوێندنەوەی سەر ئامێرە دیجیتالییەکانیش بێت، ئێستا کتێب خوێنی دیجیتالی گەلێکن، جۆرەکانیش جیاوازە، پرۆگرامیش بۆ دروستکردنی کتێبی دیجیتالی زۆرن، یەکێك لەم پرۆگرامانە، پرۆگرامی Anthemi-on Software Jutohە. بەکارهێنەر بەدابەزاندنی پرۆگرامەکە بەبێ ئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆی هەبێت لە دروستکردنی کتێبی دیجیتالی، دەتوانێت بە دانانی دەق و وێنە جوانترین کتێب دروست بکات.

تایبەتمەندییانەی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- دروستکردنی کتێبی ئەلکترۆنی بە گشت فۆرماتێك.
- دانانی دەقی نووسراو لە پرۆگرامە جۆراوجۆرەکاندا.
- پشتیوانی کردن لەو چوارچێوە و ستایلە جۆراوجۆرانەی کە لە پرۆگرامەکەدان.
- ڕێکخستنی دەق و وێنەکان بۆ دروستکردنی کتێبێکی ئەلکترۆنی...